گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێرفۆڕمەنسی ئامێریی ودەنگیی لە نێو پێکهاتەی گۆرانی دانراوی کوردیدا

**عادل محەمەد کەریم**
موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر- هەرێمی کوردستان، عێراق.
adel.violin69@gmail.com

**پ. ی. د. ئیحسان شاکر زلزلە**
بەشی موزیک، کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغداد، زانکۆی بەغداد، بەغداد، عێراق.
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.iq

**پ. ی. د. ئازادحەمەعەبدوڵا**
بەشی باخچەی منالان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
azad.hama@univsul.edu.iq

## زانیاریەکانیتوێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٥/١٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/١٥
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Performance, Sound, Melody, Rhythm, Kurdish*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پیرفۆرمانسی ئامێری و دەنگی لە نێو پێکهاتەی گۆرانی دانراوی کوردی)یە، توێژینەوەیەکی (وەسفی-شیکاری)یە، کە تیایدا توێژینەوەمان لە سێ پێکهاتی موزیکی بنەڕەتی لە دوو گۆرانی دانراوی کوردی کردووە، ئەڵبەتە پێکهاتەکانیش بریتیین لە (دەنگ، میلۆدی، ریتم) بۆ هەر یەک لە بەشەکانی گۆرانی دانراو، کە مەبەستمان (موزیکی یەکەم، سۆنگی یەکەم، موزیکی دووەم، سۆنگی دووەم) دیارە توێژەران بە سوود وەرگرتن لە هەندێک میتۆدی شیکاریی موزیکی جیهانی وخۆرهەڵاتی، بە برشتیی کارییان بۆهەڵێنجان و داڕشتنی میتۆدێکی شیکاری تایبەت کردووە، کە بگونجێت لەگەڵ شیکردنەوەی پێکهاتەی بەشەکانی گۆرانی دانراوی کوردی. ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیەش ئاکامەکەی وا دەرکەوتووە، کە پترلە چەند خاڵێکی جیاواز و هەندێ جاریش هاوبەش لە وردەکاری(دیتێڵ) هەر یەک لە پێکهاتەی بەشەکاندا هەبن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە وردەکاری پێکهاتە موزیکییە سەرەکییەکانی گۆرانی دانراوی کوردی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانج ودەرئەنجامانەی، کە گۆرانی دانراوی کوردی بەهرە و سەلیقە وهونەرییەتی موزیکی زۆری تیایدا بالآ دەستبێ، بۆیە ئەم گۆرانییانە فرە ڕەهەند و پێکهاتەکانی لە چەند ڕوویەکە دەوڵەمەندن .
توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت.بەشی یەکەم، کە بەشی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە بریتییە لە :(پێشەکی، گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان.بەشی دووەم بەشی ناساندنی پێکهاتەکانە ،تویژەران بە جیا باس لە پێکهاتەکانی موزیک (دەنگ،میلۆدی،ڕیتم) دەکەن.
بەشی سێیەم: بەشی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە.لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامەکان ودەرئەنجامەکان، ڕاسپاردە، پێشنیار وهەروەها لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی وعەرەبی.

## 1. پێشەکی:

گۆرانی کوردی بەگشتی و گۆرانی دانراو بەتایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەمرۆ بایەخێکی گەورەی هەیە لای گوێگران و ئارەزوومەندانی ئەم بوارە، بۆتە پێویستییەکی بابەتی سەردەمیانەی ژیانی شارەکانی کوردستان و هاوتەریبیشە لەگەڵ گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری. بێگومان گۆرانی و موزیک بۆ خۆی فرە ڕەهەندە و دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە شەن و کەویان بکەین.گۆرانی کوردی جۆری زۆرە، ئەوەی کە تایبەتە بە باسەکەمان گۆرانی دانراوی کوردییە. لەم گۆرانیانەدا هەندێک کارەکتەر ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتنان و بەرجەستەکردنی ئەم گۆرانیانە دا دەگێڕن لەوانە(تێکست، ئاواز، ئامادەکاری موزیکەکە، پێرفۆرمەنسی ژەنین و دەنگ و تۆمارکردن) لە نێویشیاندا دەنگ، ئیتر ئایا دەنگی ئامێرە موزیکییەکان بێت یاخود دەنگی گۆرانیبێژ، کە بێگومان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرجەستەکردنی میلۆدییە نوێکاندا دەبینێت،هەروەها میلۆدی و ڕیتمیش وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو پێکهاتی سەرەکی تری موزیک ناکرێت فەرامۆش بکرێن و هەڵوێستە نەکرێن لە ئاستیاندا، با گۆرانیبێژێک دەنگێکی باشیشی هەبێت، کە میلۆدییەکە لۆجیکانە دانەرێژرابێت کارێکتەرەکە (ژەنیار، گۆرانیبێژ)ئارەزوی بەرجەستەکردنی نابێت. هەروەها ڕیتمیش بەهەمان شێوە هاوشانی ڕیتمێکی ناڕێک لە ڕووی پیرفۆرمانسەوە، هۆکارە بۆ تێکدانی هەر کارێکی موزیکی.

نزیکەی سەدەیەک زیاترە گۆرانی دانراوی کوردی لە سنوری شوێن و کاتی توێژینەوەکەمان سەری هەڵداوە ئێستاشی لەسەر بێت کەم تا زۆر ئەم گۆرانیانە پێگەی خۆیان لە مەیدانی هونەری گۆرانی وموزیکی کوردی دا هەیە. لێرەدا دەمانەوێت لە پیرفۆرمانسی دەنگی دوو گۆرانی دانراوی کوردی بڕوانیین و بچینە وردەکارییەکانی هەر یەکێک لەم پێکهاتانە(دەنگ،میلۆدی،ڕیتم). بۆ هەر چوار بەشەکەی گۆرانی دانراو(موزیکی یەکەم، سۆنگی یەکەم، موزیکی دووەم، سۆنگی دووەم).[1]

## ١-٢ گرفتی توێژینەوە :

گرفتی توێژینەوەکەمان پێکهاتە موزیکییەکانی گۆرانیی دانراوی کوردییە، لە ڕێی شیکردنەوەی هەندێک پێکهاتەی موزیکی (دەنگ، میلۆدی، ڕیتم) بۆ هەر چوار بەشەکەی گۆرانی دانراو (موزیکی یەکەم، سۆنگی یەکەم، موزیکی دووەم، سۆنگی دووە). توێژەران دەیانەوێت بزانن وردەکاری پێکهاتەکان و پەیوەندی نێوانیان چیین؟ بۆیە توێژەران دڵکارانە لەم گرفتە دەڕوانن و بۆ ئەم مەبەستە خۆیان سەرقاڵی پرسیار گەلێک کردووە لە سەر هەر سێ پێکهاتە موزیکییە بنەڕەتییەکە لەوانە:

١-دەنگ: بۆ توێژەران گرنگە بزانن، کە ئایا چنینی موزیکی دەنگەکان و هۆنینەوەیان، هەروەها بواری دەنگی و داینامیکی و تەکنیک و درێژترین کات و کاتی تەوای بەشەکانی گۆرانییەکان چەندن؟

٢-میلۆدی: فرێیزی گۆرانییەکان چۆن و چەندن؟ تەکنیکی دروستبونی جۆری جوڵەی میلۆدییەکان ،میانەی یەکەمی دەستپێک، مەقامی بنەڕەتی و لاوەکی، و میانەی بەکارهاتوو ؟

٣-ڕیتم: جۆری کیشی گۆرانیەکان، تێمپۆ، ڕیتم چین،هەروەها پەیوەندی نێوان ڕیتم ومیلۆدی گۆرانییەکان چۆنن؟

[1] - کاتێک کە گوێ لە زۆرێک لە گۆرانی تۆمارکراوی خۆرئاوای وخۆرهەڵاتی لە نێویشیاندا گۆرانی دانراوی کوردی دەگریت، ئەم بەشانەی گۆرانیت بەم زنجیر بەندییە بۆ ڕووندەبێتەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١-٣گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگە لەبەر ئەوەی توێژەران هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی زانستی لە پێکهاتەکانی گۆرانی دانراوی کوردی بکۆڵنەوە هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ:

١- شارەزابوون لە وردەکاری پێکهاتە موزیکییەکانی گۆرانی دانراوی کوردی.

٢- ئەو فێرخوازانەی ئارەزووی کاری ئاوازدانان و ئامادەکردنی موزیک دەکەن بۆ گۆرانی دانراو.

٣- ناوەندە ئەکادیمییە هونەرییەکان.

٤- بواری نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی لەمەڕ هونەری گۆرانی دانراوی کوردی.

## ١-٤ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنە ڕووی زانیاری لەسەر پیرفۆڕمانسی ئامێری و دەنگی پێکهاتە موزیکییەکان (دەنگ،میلۆدی،ڕێتم)ی هەر چوار بەشەکەی گۆرانی دانراوی کوردی، واتە تیشک خستنە سەر پێکهاتە موزیکییەکانی هەر یەک لە بەشی گۆرانییەکان بە چەند دیدێکی موزیکییەوە و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و ناکۆک لە نێوانیاندا. بەمەش دەتوانین سیمای گۆرانییە دانراوە کوردییەکان دەستنیشان بکەین.

## ١-٥ ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی(وەسفی- شیکاری)ە، بە هۆی ئەم ڕێبازەوە هەندێک لە پێکهاتەکانی گۆرانی دانراوی کوردی لە دیدێکی موزیکییەوە ڕاڤە کراوە.

## ١-٦ سنوری توێژینەوەکە:

سنوری شوێن: شاری سلێمانی

سنوری کات: نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو

سنوری بابەت: تەنیا دوو گۆرانی دانراوی کوردی ،کە بەرهەمی تیپە موزیکییە هونەرییەکانن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٧-١ دیاریکردنی چەمکەکان:

### ١-٧-١ پیرفۆڕمەنس:

هەر ئاوازێک خەسلەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، گۆرانیبێژ یان ژەنیار، بە پێی ئەو خەسڵەتە ئاوازەکە بە جێدەهێنێت. لە گۆرانیدا تا ئاستێک، وشەکانی تێکستەکە خەسڵەت و بابەتی گۆرانییەکە ڕووندەکەنەوە و یارمەتی گۆرانیبێژ دەدەن تا لە چۆنێتی پراکتیزەکردن و بەجێهێنانی گۆرانییەکە تێبگات، بەڵام لە پارچە موزیکێکدا بۆ ئەوەی لایەنە پەنهانەکانی موزیکەکە بەرجەستە بکات، پێویستی بە هەندێک یارمەتی وڕوونکردنەوە هەیە کە بە هۆی هێماکانی دەربڕین (Expression Marks) ەوە دیاری دەکرێن.(هاڵست،٢٠٠٥، ١٠٦)

Performance واتە (الأداء) واتە نمایشی هونەرمەند لە هەمو ڕوویەکەوە واتە لەکاتی پێشکەشکردنی کارێکی هونەری کۆی هونەرمەندانی بەشداربوو بەچ شێوەیەک نمایندەی خۆیان دەکەن لە کارە هونەرییەکە.بۆ نموونە کاتێک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ گۆرانییەک پێشکەشدەکات چەند هۆکارێک وادەکات، کە ئاماژەبن بۆ  ئەوەی لە ئاکامدا بڵێین لەم گۆرانییەدا ئەم هونەرمەندە پیرفۆڕمانسێکی جوانی پێشکەشکرد لەوانە:دەنگ خۆشی و وردەکاری دەنگ، بەواتای وردکردنەوەی تۆنە درێژەکان و درووستکردنی زەخرەفەی میلۆدی جوان بە لۆجیکانەو بێ زیادەڕۆیی، هەروەها جوڵەی گوزارشتکار وەک گوزارشت لە هەندێ وشەی تێکست بە جوڵەی جۆراو جۆر لەوانە جوڵەی دەست، خۆ لارکردنەوەی گۆرانیبێژ و جوڵەی چاو برۆ  وەک گوزارشتێک لە وشەی تێکستەکە.هەندێ لەم سیمایانە بۆ ئامێرژەنێکی سۆلۆش دروستە .

بە کورتی پیرفۆڕمانس بریتییە لە کردەوەیەکی جێبەجێکاری تایبەتی پێکهاتەیەکی موزیکی کە لەلایەن موزیکژەن، گۆرانیبێژ، یان بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا (ئۆرکێسترا)ەوە پێشکەش دەکرێت، کە تێیدا لە ڕێی چەند هۆکارێکەوە دەچێتە قووڵایی ئەو کارە هونەرییەی کە ئاوازدانەر ئامادەی کردووە.

### ١-٧-٢پێکهاتە:

ا-پێکهاتە: ١-ڕووداو  ٢-چۆ ناو چۆنی دارژان و قایم،بوونی شتێک (ئەم ماڵە پێکهاتێکی قایمی هەیە)
٣-شتی پێکهاتوو لە چەن شت( پێکهاتەی چاو)
٤-دامەزراوە،ڕێکخراو(پێکهاتە سیاسییەکانی وڵات)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-پێکهاتە:وەک ئاوەڵناو
پێکهاتوو، چێ کراو لە دوو یان چەن ماک بە شێوەیەک وا سووک و ئاسان لێکبەر نەبن(ئاو پێکهاتەیەکە لە ئۆکسیجین و هیدرۆجین(تێکەڵ) (ڕوحانی،٢٠٢٠: ٥٥٦)

## ١-٧-٣گۆرانی دانراو:

سەرچاوەی لە دایکبونی ئەم جۆرە گۆرانییە شارستانییەتی شارە. دانەری دەق و ئاوازەکەی دیارن و بە شێوەیەکی زانستی دەخرێنە سەر لاپەڕەی نۆتە و دەنووسرێنەوە ،سەبارەت بە ئاستی هونەری گۆرانییەکەش ئەوا ئەم لایەنە کەوتۆتە سەر پلە و پایەی هونەری و ئاستی ڕۆشنبیری و توانستی هونەری ئاوازدانەر . (عەلی،٢٠١٠: ١٧)
گۆرانی دانراو بە پێچەوانەی گۆرانی کەلەپووری وفۆلکلۆری، ئەم هونەری کەسە دیار و ناسراوەکانی ناو کۆمەڵگەن،لە(شاعیر،ئاوازدانەر،ئامێرساز،ژەنیاران...)گۆرانی دانراو زادەی بیر و بۆچوونی ئاوازدانەرەکانە، کە بەچەند رێگەیەک ئاوازەکان دادەنێن. سەرچاوەی ئیلهام و داهێنانی زوربەیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆنراوەی شاعیرێک بە میلۆدییەکی تایبەت لەسەر یەکێک لە مەقامەکان و بە ڕیتم و کێشێکی موزیکی تایبەت، گوزارشت لە ناوەرۆکی هۆنراوەکان دەکرێت و تیایدا بەشی سەربەند(سۆنگی یەکەم) و ناوبەند(سۆنگی دووەم) بە پێی وشەی هۆنراوەکان دیاری دەکرێت، ئەم گۆرانیانە لە تیپە هونەرییەکان زۆر جار موزیکی سەربەند(موزیکی یەکەم) و موزیکی ناوبەند(موزیکی دووەم) یان بۆ ئامادە دەکرێت.

## ٢-ناساندنی پێکهاتە موزیکییەکان :

### ٢-١ دەنگ(Sound):

دەنگ یەکێکە لە پێکهاتەکانی موزیک لە هەندێ سەرچاوەدا دوای پێکهاتە موزیکییەکانی (ڕیتم، میلۆدی، هارمۆنی)دێت. لە هەموو وتووێژ و قسەکردنێکدا مۆرکێکی دەنگی جیا بەدی دەکەین، بێگومان ئەمە هاوشێوەی موزیکە، کە هەر موزیکێک هەڵگری جۆرە مۆرکێکی دەنگی جیاو تایبەتە، مۆرکیش لە موزیکدا وەکو سیمای ڕەنگەکانە لە هونەری وێنەکێشاندا، لەو پێکهاتانەیە، کە تەواو کاریگەر و سەرنج ڕاکێشە.
لەلای ئاران کۆپلاند مۆرکی دەنگ لە موزیکدا ئەو دەنگانەن، کە سیمایەکی تایبەتیان هەیەو لە یەکێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناوەندە موزیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵدەقوڵێت. ئەمەش پێناسەیەکی ئاساییە و لای هەمووانیش ئاشکرایە. هەروەك چۆن هەموو مرۆڤێك دەتوانێ ڕەنگی سپیی و سەوز یان ڕەنگە دیارەکانی تر لە یەکتر جیابکاتەوە بە هەمان شێوەش وا دادەنرێت، کەمرۆڤ لە ڕێی هەستەوە بتوانێت مۆرکی دەنگە جیاوازەکان لە یەکدی کەم تازۆر جیابکاتەوە.(کوپلاند، ١٩٦١، ١٠٥).

لەڕووی فیزیاییەوە دەنگ لەرینەوەیەکی میکانیکیە. گوێچکەی مرۆڤ لەسەر ڕاستەهێڵی لەرەلەرەکان تەنیا هەست بەو لەرە چرکانە دەکات کە لەرینەوەکانیان لە نێوان(٢٠بۆ٢٠٠٠٠) ە و تەنیا ئەوانە دەبیستێت,هەرچەندە ئەم مەودایە بە پێی تەمەن کەم دەبێتەوە، بەبەراورد بە توانای بیستنی هەندێ ئاژەڵ هیچ نییە. (Nicola,2018: 8)

هەموو دەنگە موزیکییەکان پاڵپشتە بە لەرە چرکە(Frequency)، کە ئەویش (لەرەی دەنگەکانە یاخود ژمارەی لەرەی دەنگە موزیکییەکانە لە تەنیا چرکەیەکدا ، بۆ نموونە لەرەی دەنگی(لا)ی یەکەم کە وەک باوە بەئامێری ئۆبووا لە ئۆرکێستراکاندا دەژەندریت بەمەبەستی کۆکی سەرجەم ئامێرەکان (٤٤٠)لەرەیە لە چرکەیەکدا). (تیتۆن،٢٠١٦: ٦٠)

فریکوێنسییەکان ئاماژەن بۆ پاڵەپەستۆ و ڕێکخستنی ژمارەی بازنە و خولگە دەگمەن و ناوازانەی، کە ڕوودەدەن بەسەر هەر یەکەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا، کە زۆرجار یەک چرکەیە، ئەو دەنگانەی کە بە گوێی مرۆڤ دەبیسترێن لەرەکانیان ٢٠ بۆ ٢٠ هەزار لەرەیە لە چرکەیەکدا. (Bruce,2009: xiv)

بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە دەنگە موزیکییەکانیان لێدروست دەبن دەتوانین دوو جۆر دەنگ جیا بکەینەوە:

١- دەنگی ئەلەتریک کارەبای (Electric sound): ئەو دەنگە موزیکیانەن، کە لە ڕێی ئامێرێکی کارەبای ئەلکترۆنییەوە دروست دەبن،ئەم دەنگانە بێ گیانن و گۆڕانکاریان بەسەر نایەت.

٢-دەنگی سروشتی(naturel sound)یان (acoustic sound):مەبەست لەو دەنگانەن بە پێی جیاوازی سروشتی فیزیای دەنگەکان دەگۆڕێن، (درویش،٢٠١٩: ١٩)واتە بەپێی هێز و شەپۆل و جۆری ئامێرەکان و لەرینەوەی دەنگەکان و توانای ژەنیار و جیاوازی توانای دەنگی گۆرانیبێژەکان دروست دەبن،بۆیە ئەم دەنگانە بەپێی کات و جۆر گۆڕانیان بەسەردا دێت ،ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بۆ باسەکەمان جۆری دووەمە، واتە دەنگی سروشتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگەکانی موزیک لە خۆوە دروست نابێت، بەڵکو وزەیەکی دەوێت، کە پێویستی بەئەنجامدانی کارێك هەیە، ئەوەش ئەوەیە، کە ژەنیارەکە یان لە ڕێگەی ئامێرەکەیەوە ئەنجامی دەدات، یان گۆرانیبێژ لەڕێگەی گەروو سندوقی دەنگی سرووشتی خۆیەوە ئەنجامی دەدات، هەر ژەنیارێکیش بە پێی بلیمەتی و بەهرەمەندی و توانای هونەری جۆرە مۆرکێکی دەنگی بەرهەم دێنێت کەکەم تازۆر لەگەڵ بەرانبەرەکەی جیاوازە.

دەتوانین گوزارشت لە گۆڕانکاری لە لەرینەوەی ژێی ئامێرێکی موزیکی بەم هاوکێشەیە بکەین:

(کاتێک، کە لەرینەوەکان فریکوێنسیەکان ڕێک دەبێت، ئەوا ئەو دەنگەی بەرهەم دێت لە ڕووی چین (pitch)و لەرینەوە موزیکە، بەڵام ئەگەر نارێک بوو ئەوە دەنگەکە ناچێتە بۆتەی موزیکەوە و دەبێتە ژاوە ژاو غەڵبە غەڵب.) (کاروبی،٢٠١٥: ١١).کەواتە لە ڕووی تەکنیکییەوە هەموو ئەو دەنگانەی لەرینەوەکانیان ڕێک و پێکە بە جۆرە موزیکێک دادەنرێت، بەڵام ئەو دەنگانەی نارێکن بە غەڵبە غەڵب لە قەڵەم ئەدرێت ،کەواتە موزیک دەنگە ،بەڵام هەموو دەنگێک موزیک نییە. (ئیبراهیم،٢٠٠٤: ١٢)

هەر بۆیە گومانی تیا نییە، کە دەتوانرێت دەنگەکان بەگشتی بۆ ساز و ناساز و ژاوەژاو پۆلێن بکرێن،دەنگەکانی ناو گەردوون بەشێکی زۆریان ناساز و ژاوەژاون.

لەم بارەوە سەلاح حەمەعەزیز موزیکزان و شارەزای فیزیک دەڵێت:ئەگەر لە سروشت و سەر زەویش بڕوانین ئەوە زۆرینەی دەنگەکان میکانیکین، کە بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە، هەربۆیە ئاوازێکی میکانیکی پێك دەهێنن، بەڵام کاتێك گوزارشتی هەست و ڕۆح لە لای بونەوەرێکی وەك مرۆڤ تێیاندا پەیدا دەبن ئەوکات هەڵچون و داچونەکان و قوڵاییەکانی نێو هەستی مرۆڤ دەبنە مایەی دەربڕینی ئاوازی جۆرا و جۆری ڕۆحی، کە هەست بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبزوێنن(سەڵاح،٢٠٢٢)

توێژەران لە پێکهاتی دەنگدا بۆ گۆرانی دانراوی کوردی زیاتر دەیانەوێت بزانن چنینین (چنینی موزیکی)ی دەنگەکان چۆن ڕێکخراون واتە چنینی دەنگەکانی کارە هونەرییەکە چۆنە، هەروەها مەودای دەنگی فراوانی موزیکی کارەکە لەلایەک و لەلایەکی تر بزانین ماوەی دەنگی گۆرانیبێژ و دەنگی سۆلۆی ئامێرەکان و فراوانیان چەندە ؟هەروەها یاری کردن و بەرجەستە کردنی دەنگەکان بە چ داینامیکێکە و گۆڕانکاری چی بەسەر دەنگەکاندا هاتووە؟ هەروەها ئەو تەکنیکانە کامانەن کە بەکارهاتوون لە بەرجەستەکردنی دەنگەکان ؟ هەر لەبارەی دەنگ دەمانەوێت بزانیین، کە درێژترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی دەنگ بەپێی کاتەکانی موزیک چ کاتێکە، هەروەها درێژکردنەوە لەسەر کامە پلەی دەنگی پەیژەی بنەرەتی موزیک و گۆرانییەکەیە، لەگەڵ کاتی بەشی هەریەک لە گۆرانییەکان چەندە؟ ئایا موزیکی گۆرانییەکان کاتیان درێژترە یاخود سۆنگەکان.

**٢-٢ میلۆدی (Melody):**

یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی موزیک، کاتێ کە باسی میلۆدی دەکرێت لە موزیکدا باسی چوار پێکهێنەری میلۆدی دەکرێت کە ئەمانەن:

ا-موتیف(Motive)  ب-فرێیزی موزیک(Musical Phrase)

ج-ڕستەی موزیک(Musical Sentence)  د-بیرۆکە الثیمة(Theme)

بیریشمان نەچێت هەوێنی پێکهێنەری هەر یەکە لەوانە میانەکانن، بێ بوونی میانە شتێک نییە نەناوی موتیف یان فرێز یان ڕستە یان بیرۆکەی موزیک بێت.

**ا-موتیف(Motive):**

Motif وشەیەکی فەڕەنسییە،لەوشەی (Motus) ی لاتینییەوە هەڵێنجراوە کە بەمانای بزاڤ، جووڵە دێت وەک زاراوەیەکی موزیک هەر هەمان مانای پێشووی هەیە گوزارە لە چەمک و ناوەرۆکی بابەتێک (Subject)دەکات. (قەرەداغی،٢٠١٠ : ٣١٢).

**ب-فرێیزە موزیکییەکان(Musical Phrase):**

بەشێکی کورتە، لە دانرا و هەموو پارچە موزیکییەکاندا (ئیتر ئایا بۆ ئامێرەموزیکییەکان بێت یاخود تایبەت بێت بە ڤۆکاڵ)بوونی هەیە، زۆر جار لە چوار خانەی موزیکدا خۆی دەبینێتەوە،بەڵام ئەمەش زۆر ڕەها نییە بۆیە ڕێکدەکەوێت خانەکان لەو ژمارەیە زیاتر یان کەمتر بن. (Oxford,2007: 577) فرێیزە موزیکییەکان هاوتای ڕستەکانن لە زمانی ئاساییدا، ئەمان لە موتیف جیاوازن، یەکێکە لە ڕەگەز و یەکە گرنگ و بنیادنەرەکانی پرۆسێسی نەخشەکێشان و بنیادنانی میلۆدییەکانن لە دووتوێی بۆتەکاندا.هەر بەشێک لە کارە موزیکییەکان لە چەند ڕستێکی موزیکی پێک دێن، هەر ڕستەیەکیش لە چەند فرێیزێکی موزیکی پێکدێت(Musical Phrase) لە زۆر ڕووەوە پێکهاتەی موزیک هاوشێوەی پێکهاتەی هۆنراوە و پەخشانە، دەنگەکانی موزیک وەک وشە، دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێدروست دەکرێت، هەموو کارێکی موزیکی لەهەر فۆرمێکدا بە گۆرانیشەوە لە ئاکامی ڕیزکردنی لۆجیکانەی فرێیزەکان دروست دەبن. فرێیزیش وا دروستە، کە دەبێت لەکات و ساتی خۆیدا بێ دابڕان بەدوای یەکدا بن و پەیوەندیان بەیەکدییەوە هەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ڕستی موزیکی تەواو دروست نابێت.(دیقی،٢٠٠٠: ٢١)

فیۆنا بێری[2]فرێیزە موزیکییەکان دەشوبهێنێت بە خاڵبەندی لە زمانی ئاساییدا، کاتێک خاڵبەندی لە تێکستێکدا دەبینیین واتە بەتەواوەتی لە ڕستەکان تێدەگەین، بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی باسەکەیە، بەهەمان شێوە فرێیزە موزیکییەکان ئاماژەی بەهێزن بۆ تێگەیشتن لە میلۆدی کارێکی موزیکی یاخود گۆرانی ئامێز. فرییزەکان دووجۆرن ڕێک و (Regular Phrasing)( Ir regular Phrasing). (Berry,2023 )

فرێیز، لای لیۆن ستین بریتییە لە یەکەیەک، بە شێوەیەکی ئاسایی درێژییەکەی چوار خانەیە، بە بەستەرێک (کادێنس) کۆتایی پێهێنراوە ئەوە بنەمای پێکهاتەیە بە تایبەتی لە فۆڕمە هۆمۆفۆنیکەکان(Leon,1979: 22).

فرێیزە موزیکییەکان لە ناوەرۆکدا بریتیین لە پێکەوە بەستنی چەند خانەیەکی موزیک، کە ژمارەیان لە دوو خانە دەستپێدەکات تا دەگاتە شەش خانە، هەندێک جار زیاتر لە شەش خانەش . (فەرەج،٢٠٠٥: ٤٧).ڕەنگە زۆر بە ساکاری نەتوانین پێناسەیەکی تەواوی فرێزە موزیکییەکان بکەین.بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە،کە لە ڕێگەی کۆبوونەوە و پێکەوە لکاندنی فرێیزە موزیکییەکانەوەیە، ڕستە موزیکییەکان دروست دەبن.لە زۆرێک لە فۆڕمە موزیکییەکان بە گۆرانیشەوە، توێژەران پێیان وایە سەرچاوەی دروستبوونی میلۆدی بنەڕەتی گۆرانیی و موزیکی گۆرانییەکان زیاتر لە فرێزەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

### ج-ڕستەی موزیک(Musical Sentence)

بێگومان فرێیزەکان پێکەوە مانایەک دەبەخشن بۆ ئەمەش دروستکردنی ڕستەیەکی تەواو زیاتر لەیەک فرێزی گەرەکە. (Catherine,2013: 33)

[2] -خانمە موزیسیانێکی خەڵکی لەندەنە: ماوەی ٢٠ ساڵ زیاترە وانەی موزیک دەڵێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٦وە تاقیکەرەوەی موزیک بۆ ترینیتی کۆلێجی لەندەن دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**د-بیرۆکە الثیمة(Theme)**

زاراوەی (بیرۆکە) لە موزیکدا کۆمەڵێک مانای هەیە. لە ڕووی تیۆریەوە، ڕەنگە بیرۆکە ئاماژەبێت بۆ میلۆدی سەرەکی ئەو پارچە موزیکەی، کە هەموو پارچە موزیکەکە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، بیرۆکەیەک ڕەنگە تەنیا یەک فرێیزی چەند خانەی بێت .

نموونەی دیار بۆ بیرۆکەی موزیک جووڵەی یەکەمی سێمفۆنی ژمارە ٤٠ ی مۆزارت، کاتەکەی(٧) خولەکە تەنیا ئەم دوو بیرۆکە موزیکییەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:(A Dictionary,1974: 340)

بیرۆکەی یەکەم:


بیرۆکەی دووەم:


جیاوازی نێوان مۆتیف و دەستەواژە و ڕستە و تێما بەرچاوە، مۆتیف هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بچووکترین پێکهاتەی موزیکە،کە بەتەنیا هیچ مانایەک دروست ناکات، بەڵکو لە کۆی پارچەکەدا ئەو مانایە دەبەخشێت. فرێیزی موزیک هەمیشە لە مۆتیف درێژترە و شێوازێک لە میلۆدی لە خۆی دەگرێت ، بە دوو (فرێیز) یش ڕستەیەکی موزیکی تەواو دروست دەبێت، بیرۆکەش (تێمە) میلۆدییە کورتەکانە کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

لە پێکهاتەی (میلۆدی) گۆرانی دانراودا توێژەران فۆکسیان خستۆتەتە سەر فرێیزی هەر چوار بەشەکەی گۆرانییەکان، هەروەها میانەی یەکەمی دەستپێکی میلۆدی ،مەقامی بنەڕەتی و ڕەگەزی لاوەکی، نۆتەکانی ڕێرەوی ئاواز و میانەی بەکارهاتوو.

**٢-٣ ڕیتم: (Rhythm):**

ڕیتم توخمێکی بنەڕەتی موزیکە زۆرێک لە شارەزایانی بواری موزیک بە توخمی یەکەمی موزیکی دادەنێن، موزیک، ماتماتیک، ئەندازە، تەلارسازی، گەردونگەری و زانستی عەروز...تادوایی.سەرتاسەریان لە ڕەچەڵەکی زانستی کێشداردان، واتە سەر تاپایان ڕیتمن ... ئەو زانستە تێکچرژاوانەی کە یەکێتی جولانەوە و دارژان و لەنگەرگرتن و خنجی و ڕێکی کۆکی بە یەکیانەوە ئەلکێنێت. (کوهستانی، ١٩٩٨: ٣٨).ترپە و لێدانی دڵی مرۆڤ، وەک واتایەکی جوان و دیار بوونی ڕیتم لە نێو جەستەماندایە، هەر ئەو کاتەش ژیانی ڕۆژانەی هیچ بوونەوەرێک بەبێ ڕیتم نییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و نابێت. ڕیتم:بەمانای ڕێکخستن و نەزم و کێشە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی پلانێکی قورس بە شێوەیەکی تایبەت بچێتە پێشێ. (کوردستانی،٢٠٢٠: ٩٩)، واتە سروشت و گوزەرانی مرۆڤ بە بێ ڕیتم مەحاڵە و بوونی نییە. لای توێژەری فەرەنسی جون دورینف ڕیتم ڕۆشنبیرییە بەواتای ئەوەی، کە مرۆڤ خۆی ڕێگای مامەڵەی لەگەڵ ڕیتم دیاری دەکات بەپێی سنوری کۆمەڵایەتی-ڕۆشنبیری.ئەمیش بە پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی دەنگە، کە لە بازنەی (سروشتی)دا دەسوڕێنەوە و مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی تێدا نییە.(During,1994: 89)

ڕیتم بریتییە: لە ڕێکخستن و لە بۆتەدانی دەنگەکانی موزیک لە نێو کاتدا، ڕیتم وادەکات کە فۆکس بخەینە سەر یەکە بەهێزەکان،(Dictionair,1987: 708) ئەمەش هۆکارە بۆ ڕێکخستنی تەواوی کارە موزیکییەکان. دڵنیای دەدات بە ژەنیاران و گۆرانیبێژان، کە هاوشانییەکی تەواو بکەن، واتە دەنگە موزیکییەکان چەندە پاک و جوانیش بن کە ڕێکنەخرابن لە بۆتەیەکی ڕیتمیدا هیچ واتایەک بۆ میلۆدی ناهێڵێتەوە. ڕیتم ئەو هێزەیە، کە گەرم وگوڕی و جێگیری دەبەخشێتە دەنگەکان، کاردەکاتە سەر جووڵە،هێزێکی زیندوو بەرهەم دێنێت ،واتە بەبێ ڕیتم موزیک دەستپێناکات و بوونی نییە. (Reibel,2000: 26). بێگومان ڕیتم وەک توخمێکی بنەڕەتی لە پێکهاتی کارە موزیکییەکان بە گۆرانیشەوە، ئەگەر ڕیتم نەبوو واتە کارێکی بەدەرە لە موزیک، من ئەمە وەک دەنگە موزیکییەکان دەبینم کە هەموو دەنگێک موزیک نییە، هەموو جوڵەیەکیش ئەگەر ڕێکخرا و نەبێت ڕیتمی موزیک نییە.

کە باسی ڕیتم دەکرێت ناکرێت باسی کات تێمپۆ( Tempo)[3] نەکەین، کۆمپۆزەر وای داناوە هەندێک بەشی کارەکەی خێرابێت، هەندێک لەسەر خۆبێت، هەندێکی زۆر خێرا یان زۆر لەسەرخۆبن، واتە ڕەوت و بزووتنەوەی کارە موزیکییەکە بە چ خێراییەک بێت. (دزەی،٢٠١٥: ٣٠٩).

کات لە موزیکدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، بۆیە خاوی و خێرای هەر بەرهەمێکی موزیک لەلایەن دانەرەکانییانەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەگەر کارێکی هونەری موزیک بە فۆڕمی گۆرانیشەوە لەو خێراییەی کە دەستنیشانکراوە خێراتر یان خاوتر ژەندرا دەبیستی، کە سیما و جوانی بەرهەمەکە دەگۆڕێت و جەودەی کارەکە ڕەنگە لەدەستبچێت.

---

[3] - تێمپۆ( Tempo): وشەیەکی ئیتاڵییە بە مانای خیرای کات دێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەران بۆ شیکاری ڕیتمی گۆرانییەکان فۆکسیان خستۆتە سەر کێشی گۆرانی و تێمپۆ و جۆری ڕیتم و نۆتکردنی ڕیتی بنەڕەتی و بەراوردی میلۆدی و ڕیتمەکە، ئایا میلۆدی لەسەر بنەمای ڕیتمەکە داڕێژراوە یاخود جیاوازە.

## ٣-چوارچێوەی پراکتیکی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

### ٣-١ سامپڵی توێژینەوە:

ستایل و جۆری گۆرانی دانراوی کوردی سنووری توێژینەوەکەمان هەمەچەشنن، کە خۆی لەم سێ ستایلە جیاوازەدا دەبینێتەوە :

١-ستایلی تیپە هونەرییە موزیکییە[4] کلاسیکیەکان[5].

٢-ستایلی خۆرئاوا ٣-ستایلی میللی بەهاوشانی کیبۆردێک و هەندێ ئامێری تر.

توێژەران فۆکسیان لەسەر تەنیا ستایلی یەکەمە، بۆ کاری شیکاریش بەمەبەست تەنیا دوو سامپڵ لە گۆرانی دانراوی کوردی شاری سلێمانیان دەستنیشان کردووە[6]، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. کە لەڕووی(ئاواز، ئامادەکردنی موزیکەکە، پێرفۆڕمەنسی دەنگ و ژەنین و تێکست)جیاوازن.

### ٣-٣ ئامرازەکانی توێژینەوە:

[4] - سەرچاوەی ئەم تیپە موزیکیانە بەڕای دکتۆر بەرزان دەگەڕێتەوە بۆ ستایلی ئەرەبێسک مێژووەکەی دەبەستێتەوە بە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووی سینەمای میسرییەوە ، نموونەی دیار لە کوردستانی عێراق تیپی مۆسیقای مەولەوی و دوایش باواجی کۆیەو تیپی موزیکی هەولێر. ساڵی ١٩٦٧ تیپی مۆسیقای سلێمانی لەدایک دەبێت کە هەتا ساڵانی سەرەتای هەشتاکانیش دەبێتە زمانحاڵی ستایلی نوێی موزیک لە ناوچە کوردییەکاندا و گەشە و نوێکاری باش دێنێتە ناو موزیکی کوردییەوە.(یاسین،٢٠١٢:١٩)

[5] - کلاسیک وشەیەکی لاتینییە بە واتای مۆدێل یاخود نموونە، بەڕاستی زۆرێک لە بەرهەمەکانی ئەم تیپە هونەرییانە بەرهەمەکانیان نموونەیەکی جوانن، هەروەها مەبەستی توێژەران لە کلاسیک بەو واتایەی کە ئەم تیپانە لە بۆتەیەکی تایبەتی ڕێکخراودا کارە هونەرییەکانیان ئەنجام دەدەن و پابەندن بە کۆمەڵێ ڕێسای تایبەت.

[6] -دیارە توێژەر دوای گوێگرتنی لە ژمارەیەکی زۆری گۆرانی دانراوی کوردی و تۆمارکردنی سەرنج لەسەر سەرجەم گۆرانییەکان، ئینجا ئەم ستایلانەیان جیاکردۆتەوەو لە نێویاندا ئەو دوو گۆرانییەیان وەک سامپڵ بۆ شیکردنەوە وەرگرتووە.

لەپێناو دیاریکردنی ڕەهەندە موزیکییەکانی گۆرانی دانراوی کوردی، توێژەران هەستاون بە داڕشتنی میتۆدێکی تایبەت، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ گۆرانی دانراوی کوردی سنووری توێژینەوەکە، ئەمیش بە سوود وەرگرتن لە کۆمەڵێک میتۆد و ڕێگەی شیکردنەوە لەوانە میتۆدی(بارتوک، ئەلیتسا الشکوفا، د.طارق حەسون فەرید) (فريد،١٩٩٩ :٢٠)، و جان لارۆ و هەندێ شیکاری گۆرانی لە نامەی ماجستێری کۆلیجی هونەرە جوانەکانی بەغداد، هەولێر و مصر )کە ئەمانە زۆرێکیان تایبەت بوون بە شیکردنەوەی گۆرانی فۆکلۆری و هەندێکیان بە موزیکی تەنیا و هەندێکیشیان بە گۆرانی دانراو.

### ٤-٣ شیکاری سامپڵی گۆرانییەکان

### ١-گۆرانی یەکەم ( خەنەبەندان)

بەرهەمی: تیپی مۆسیقای سلێمانی، هۆنراوەی: بێسارانی، ئاواز و وتنی :کەریم کابان

دانان و ئامێر سازی موزیک: ئەلبێرت عیسا، سەلاح ڕەوف

نۆتی گۆرانی خەنەبەندان[7]




[7] -لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی خوینەر، تەنیا نۆتی موزیکی یەکەم و بەشێک لە سۆنگی یەکەم خراوەتە ڕوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێک لە نۆتی گۆرانی خەنەبەندان

## ١-خشتەی شیکردنەوەی دەنگ لە گۆرانی ( خەنەبەندان)

| ژ | ب.ش.د | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چنینی موزیکی Texture | مۆنۆفۆنی+ هیترۆفۆنی[8] | = | = | = |
| ٢ | م.د. موزیک |  ٢ئۆک. |  ١٢گ. |  ٢.ئۆک. |  ٢.ئۆک. |
| ٣ | م.د.س. ئ.گ. |  ٦.ب |  ٨.ت |  ٤.ت |  ١٠.گ |
| ٤ | داینامیک | *f* | *mf*- *f* | *f* | *f* - |
| ٥ | تەکنیک | ستاکاتۆ -لیگاتۆ | لێگاتۆ | ستاکاتۆ-لێگاتۆ | لێگاتۆ.ستاکاتۆ.پزی کاتۆ |
| ٦ | درێژترین کات | (١-٣-٤-٥- ٧) | (٣)[9] | (١-٣-٥) | (١) |

[8] - توێژەران پێیان وایە چنینی موزیکیی لە کاری تیپە کلاسیکییە کوردییەکانی سنوری توێژینەوەکەمان هیترۆفۆنییەکیی رێکخراوە چونکە راستە رستەکان ئاسۆی بە چەند چینێکی جیاوازی ئۆکتاڤ دەژەندرێن، بەڵام ژەنیارەکان لە زوربەی کاتەکاندا چینەکانیان بۆ نووسراوەتەوە و ئەگەر ژەنیارێک حەزی کردبێت چینی ئامێرەکەی ئۆکتاڤێک بەرزتر یان نزمتر لەوەی کە نووسراوەتەوە بژەنێت ئەوە بە پرس و رابووە لەگەل رابەری تیپەکە  یاخود ئامادەکاری موزیکی کارەکە دوای تێست کردن ئینجا بریاری گۆرینی دراوە  کەواتە هیترۆفۆنین بەڵامم هیترۆفۆنییەکی رێکخراوە، بە پێجەوانەی زۆرێک لە تیپە خۆرهەڵاتییەکانی تر، کە ژەنیارەکان بەئارەزوی خۆیان هەمان میلۆدی بە ئۆکتاڤێک سەروتر یان خوارتر دەژەنن. یاخود تۆنی تر .

[9] - لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کە درێژترین کاتی موزیک (بلانشی خاڵدارە) لەسەر پلەی سێیەم  واتا پلەی ناوەندی پەیژە بنەڕەتییەکە کە لێرەدا دەکاتە تۆنی(فا#) چونکە مۆدی بنەڕەتی گۆرانییەکە عەجەمە لەسەر پلە دەنگی (رێ)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | خاياندنی کات | ١:٤١ | ٠٣١ چرکە | ٠٣٣ چرکە | ١.٤يەک خولەک وچوار چرکە |

**ڕوونکردنەوەی هێماکان**

ب.ش.د: بڕگەکانی شیکاری دەنگ

M1:موزیکی یەکەم مەبەستمان موزیکی پێشەکیی گۆرانییەکەیە موزیکی سەربەند.

S1: سۆنگی یەکەم مەبەستمان سەربەندی گۆرانییەکەیە.

M2: موزیکی دووەمی گۆرانییەکەیە، واتە موزیکیێک پێش دەستپێکردنی ناوبەند.

S2: سۆنگی دووەم مەبەستمان ناوبەندی گۆرانییەکە ناوبەندی گۆرانییە،کە پێی دەڵێن بەرزی گۆرانییەکە.

م.د.موزیک: مەودای دەنگی موزیک.م.د.س.ێ.گ: مەودای دەنگی سۆلۆکان،(ئامێر-دەنگی گۆرانیبێژ) ئۆک:ئۆکتاڤ. گ:میانەی گەورە(major). ب:میانەی بچوک(minor). ت: میانەی تەواو(perfect) ک: کەم(diminish). ژمارەکان(١،٢،٣،٤،٥...) لەگەڵ جۆری میانەکان، بەواتای پلە دەنگییەکانی سنوری پەیژە یاخود مۆدە موزیکییەکە دێت.وەک(tonic,super-tonic,mediant,dominant...esc)

🡅:میانەی جۆری سەرچوو. 🡇:میانەی جۆری خوارچوو. ✓:ئاماژەیە بۆ بونی میانەی دیاریکراو.

٢-ا-خشتەی شیکردنەوەی میلۆدی گۆرانیی (خەنەبەندان)

| ژ | بڕگەکانی شیکاری میلۆدی | | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فرێزەکان | کۆ | ١٣ | ٨ | ٨ | ١٦ |
| | | ژ.خانە | ٢ | ٢ | ٢-٤ | ٢ |
| | | جۆر | ١٢میلۆدی،١ ریتمی | میلۆدی | میلۆدی | میلۆدی |
| | | نوێ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ |
| | | دووبارەبوونەوە | ٦: ٢ئۆکتاف بەرزتر،٢ئۆکتاف | ٢: یونسن | ٣ :٢یونسن، ١ئۆکتاف بەرزتر | ١٢یونسن |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نزمتر٢ قارییەشن | | | |
| ٢ | میانەی یەکەمی دەستپێک | یونسن(٥) | یونسن(٣) | ↑یونسن(١)ئۆکتاف | ↑یونسن(١)ئۆکتاف |
| ٣ | مەقامی بنەڕەتی | عەجەم (ڕێ) | عەجەم (ڕێ) | عەجەم (ڕێ) | عەجەم (ڕێ) |
| ٤ | ڕەگەزی لاوەکی | نەهاوەند(لا) عەجەم(سۆڵ) | کورد(فا#) | - | نەهاوەند(سی) |

## ٢-ب-٥-خشتە بۆ نۆتی ڕێرەوی میلۆدی

| بەشەکانی گۆرانی | نۆتی ڕێرەوی میلۆدی | ژمارەی نۆتەکان |
|---|---|---|
| M1 |  | ١٧ |
| S1 |  | ٩ |
| M2 |  | ١٥ |
| S2 |  | ١١ |

## ٢-ج-٦-خشتەی میانە بەکارهاتووەکانی گۆرانی( خەنەبەندان)

| میانەکان | M1 | | S1 | | M2 | | S2 | | یونسن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری میانەی بەکارهاتوو | جۆر | | جۆر | | جۆر | | جۆر | | |
| | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | |
| یونسن | | | | | | | | | ✓ |
| دووانی بچوک | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |
| دووانی گەورە | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیانی بچوک | ✓ | ✓ | | ✓ | | ✓ | | ✓ | |
| سیانی گەورە | ✓ | ✓ | ✓ | | ✓ | ✓ | | | |
| چواریی تەواو | ✓ | ✓ | | | ✓ | ✓ | | | |
| پێنجیی تەواو | ✓ | | | | | | | | |
| شەشیی بچوک | | ✓ | | | | | | | |
| ئۆکتاڤ | ✓ | ✓ | | | | | | | |

## ٣-خشتەی زانیاری لەسەر ریتمی گۆرانی(خەنەبەندان)

| ژ | برگەکان | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جۆری کێش | 4/4 | 4/4 | 4/4 | 4/4 |
| ٢ | خێرایی ریتم تیمپۆ | ( ♩= 120) | ( ♩= 120) | ( ♩= 120) | ( ♩= 120) |
| ٣ | جۆری ریتم(تاک،فرە ) | polyrhythm[10] | polyrhythm | polyrhythm | polyrhythm |
| ٤ | نۆتەی ریتمی بنەڕەتی |  |  |  |  |

[10] - ئەم چەمکە لە دوو وشە پێکدێت (poly)واتە (چەنددانەیەک-التعدد) و(rhythmic)واتە رەزم ریتم.واتە دەتوانین بڵێن چەند ریتمی.بەڵام وەک چەمک لە موزیکی رۆژئاوای بە تەطابقی نێوان دوو ریتم بە دوو کیشی جیاواز دێت واتە دوو ریتمی جیا بە شێوەی ستوونی لەیەک کاتدا بژەندرێت بۆ نموونە کێشی ریتمی هێڵی سەرەوە دوانی بێت لەهەمان کاتدا هێڵی کێشی ریتمی خوارەوە سیانی بێت بەڵام لە موزیکی خۆرهەلاتی،ئەم چەمکە بە رێتمی ئەو کارە هونەرییانە دەوترێت کەلەیەک کاتدا چەند ئامێرێکی ریتمی جیا هاوشانی کارێکی هونەری بکەن لە ژەندنی ریتمێکی دیاریکراو.(بن حمیدة،٢٠١٢: ١٣٢)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ڕیتم و میلۆدی[11] | جیاوازە | جیاوازە | جیاوازە | جیاوازە |

## گۆرانی دووەم (خەون)

بەرهەمی: تیپی مۆسیقای مەولەوی،هۆنراوەی: دڵشاد مەریوانی

ئاواز و وتنی: حەمەی نێرگز، دانان و ئامادە و ئامێر سازی موزیک: نامدار قەرەداغ

نۆتەی گۆرانی خەون[12]

بەشێک لە نۆتی گۆرانی خەون




[11] - پەیوەندی نێوان ڕیتم و میلۆدی: هەندێ ئاواز هەیە تەواو لەسەر ڕیتمەکە دانراوە بەڵام زۆرێکیش لە ئاوازەکان بە پێچەوانەوە دوورن لە ئاوازەک بۆ نموونە گۆرانی (بە دووتا وێلم سەڵت وسەوادە)ی عەلی مەردان سەد لەسەد میلۆدییەکە لە ڕیتمە(دەشانزە)یەکەوە وەرگیراوە بەڵام ئەم دوو گۆرانییە ئاوازەکانی تەواو لە ڕیتمەکانەوە وەرنەگیراون جیاوازن.

[12] - لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی خوینەر، تەنیا نۆتی موزیکی یەکەم و بەشێک لە سۆنگی یەکەم خراوەتە ڕوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-خشتەی شیکردنەوەی دەنگ لە گۆرانی (خەون)

| ژ | ب.ش.د | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چنینی موزیکی Texture | مۆنۆفۆنی+هیترۆفۆنی | | | |
| ٢ | م د.موزیک. |  ک.٨ |  ت.١١ |  گ.١٠ |  ت.١١ |
| ٣ | م.د.س. ئ.گ |  ک.٥ |  ب.٦ |  ت.٤ |  ک.٧ |
| ٤ | داینامیک | *mf* - *f* *mp* | *mp* - *mf* | *f* *mf* | *mf* *mp* |
| ٥ | تەکنیک | لێگاتۆ-پزیکاتۆ | لێگاتۆ-پزیکاتۆ | لێگاتۆ-پزیکاتۆ | لیگاتۆ-پزیکاتۆ |
| ٦ | درێژترین کات | ♩. لەسەر پلەکانی(١-٣-٤ ) | ♩. لەسەر پلەی(٥) | ♩. لەسەر پلەی (٥) | ♩. لەسەر پلەی(٥) |
| ٧ | خایاندنی کاتی بەشەکان | ١:١١ | ٥٢چرکە | ٣٩ چرکە | ٥٠ چرکە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢-ا-خشتەی شیکردنەوەی میلۆدی گۆرانیی (خەون)

| ژ | ب. شیکارییەکانی میلۆدی | | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فرێزەکان | کۆ | ١٤ | ٩ | ٨ | ١٠ |
| | | ژ.خانە | ٢ | ٣-٢ | ٢ | ٢ |
| | | جۆر | ١٢میلۆدی، ٢ڕیتمی | میلۆدی | میلۆدی | میلۆدی |
| | | نوێ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨ |
| | | دووبارە | ٩:یونسن | ٤:یونسن | ٤:یونسن | ٢:یونسن |
| ٢ | میانەی یەکەمی دەستپێک | | ت.٤ | ب.٢🡓 | یونیسون(٥) | یونیسون(٥) |
| ٣ | مەقامی بنەڕەتی | | نەهاوەند(.سۆڵ) | نەهاوەند(سۆڵ ) | نەهاوەند سۆڵ | نەهاوەند (سۆڵ) |
| ٤ | ڕەگەزی لاوەکی | | نەهاوەند.سی بیمۆل.عەجەم دۆ) | کورد(لا) | عەجەم+نەهاوەند) سی بیمۆل) | عەجەم٠سی بیمۆل) |

## ٢-ب-٥- خشتە بۆ نۆتی ڕێڕەوی میلۆدی گۆرانی(خەون)

| بەشەکانی گۆرانی | نۆتەی ڕێڕەوی میلۆدی | ژمارەی نۆتەکان |
|---|---|---|
| **M1** |  | ١٢ |
| **S1** |  | ٦ |
| **M2** |  | ١٣ |
| **S2** |  | ٧ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢-ج-٦خشتەی میانە بەکارهاتووەکانی گۆرانی(خەون)

| میانەکان | M1 | | S1 | | M2 | | S2 | | یونسن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری میانەی بەکارهاتوو | جۆر | | جۆر | | جۆر | | جۆر | | |
| | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | ↑ | ↓ | |
| یونسن | | | | | | | | | ✓ |
| دووانی بچوک | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |
| دووانی گەورە | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | |
| سیانی بچوک | ✓ | | | ✓ | | | ✓ | ✓ | |
| سیانی گەورە | | | ✓ | ✓ | | | ✓ | ✓ | |
| چواریی تەواو | ✓ | | | | | | | | |
| ئۆکتاڤ | ✓ | | | | | | | | |

٣-خشتەی زانیاری لەسەر ریتمی گۆرانی(خەون)

| ژ | بڕگەکان | M1 | S1 | M2 | S2 |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جۆری کێش | 4/4 | 4/4 | 4/4 | 4/4 |
| ٢ | خێرای ریتم تیمپۆ | ♩=98 | ♩=98 | ♩=98 | ♩=98 |
| ٣ | جۆری ریتم(تاک،فرە) | polyrhythm | polyrhythm | polyrhythm | polyrhythm |
| ٤ | نۆتەی ریتم |  |  |  |  |
| ٥ | ریتم و میلۆدی | میلۆدی لەسەر ریتمە | جیاوازە | جیاوازە | جیاوازە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣-٥ئەنجامەکان: -

١-چنینی موزیکیی گۆرانییەکان بەگشتی جۆری مۆنۆفۆنین،هەندێ جاریش نزیک لە هیترۆفۆنیک، واتە دەشێت هەردوو جۆرەکەمان هەبێت. بەهۆی ئەوەی گۆرانی کوردی سنوری کاتو شوێنی توێژینەوەکەمان هارمۆنی و چەند هێڵێکی موزیکی جیامان بەکار نەبراوە، بۆیە خاڵییە لە شێوازی هۆمۆفۆنی و پۆلیفۆنی.ئەوەی هەیە تەنیا مۆنۆفۆنی و هیترۆفۆنییە.

٢-درێژترین خایاندنی کاتی موزیک لەنێوان (نواری خاڵدار و بلانشی خاڵدارە)واتە زۆر ئەوەندە درێژ نیین.دیارە ئەمە دەکەویتە سەر جۆری ئاوازی داڕێژراو و تەوزیف کردنی ئەو تۆنە درێژانە من دڵنیام ئەگەر تۆنی درێژتریش تەوزیف بکرانایە بەیەک هەناسە لەلایەن گۆرانیبێژەکانەوە دەوتران.

٣-لە هەردوو گۆرانییەکەدا درێژترین خایاندنی ماوەی کات لە گۆرانییەکاندا خایاندنی ماوەی کاتی موزیکی یەکەمی گۆرانییەکانە بە بەراوورد لەگەڵ سۆنگی یەکەم، بەڵام خایاندنی ماوەی کاتی موزیکی دووەم کەمترە لە خایاندنی ماوەی کاتی سۆنگی دووەم.

٤- فرێیز لە پێکهاتی میلۆدی گۆرانی کوردیدا زیاتر میلۆدی و دووبارەیە، واتە گۆڕانکاری میلۆدی کەمە و فرێیزە دووبارەکانیش زیاتر هاوچینەکانن واتە لە جۆری یونسنن.ئەمەسیمای فرێزە لە گۆرانی دانراوی کوردی.

٥-میانەی یەکەمی دەستپێکی بەشەکانی گۆرانی دانراوی کوردی وەک یەک نیین و جیاوازن، لەگەڵ ئەوەی زیاتر بە میانەی یونیسون دەستپێدەکەن، بەڵام لەسەر پلەی جیا ،ئەمیش واتە ڕەنگاڵەی میلۆدیی لە نێوان بەشەکانی گۆرانییەکاندا کە ڕێچکەی میلۆدی بەشەکان جیاوازن.

٦-کێشی هەردوو گۆرانییەکە یەک ڕیتمە کە ($\frac{4}{4}$).

١٧-تیمپۆی گۆرانییەکە هەردووکیان بێ گۆڕانکاری لە سەرەتاوە تا کۆتای یەک تێمپۆن کەتێمپۆی گۆرانی یەکەم بریتییە لە (♩ = 120)گۆرانی دووەم بریتییە لە (♩=98).

٨-ڕیتمەکان بە هۆی بوونی چەند ئامێرێکی ڕیتمی سەیردەکەین، هەر ئامێرە هەندێ جوانکاری لە سنووری شێوەی ڕێتمی بنەڕەتی دەکات بۆیە بەگشتی ڕیتمەکە (polyrhythm).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٩-لەگەڵ بوونی هەندێ گۆڕانکاری بەڵام ڕیتمی بنەرەتی هەردوو گۆرانییەکەئەمەیە ئەم ڕیتمە بە(بەلەدی یان مەصمودی بچووک)ناسراوە.
١٠-بەپێی گەڕانەوە بۆ نۆتی ئۆرجینالی گۆرانییەکە دەرکەوتووە کە هێمای دایناميک بوونیان نییە،بەڵام بە گوێگرتنی چەند جارەی توێژەران، ئەوەی هەیە ڕۆحییە و خۆرسکە، زیاتر ڕەنگە بەپێی ئاماژەی سەرپەرشتیاری تیپەکە یاخود ئامێرسازی گۆرانییەکە بووبێت،یاخود سەلیقەی گۆرانیبێژ.
١١-بەگشتی تەکنیکی گۆرانییەکان ئەوەی کە بەکارهاتوون ستاکاتۆ وپزیکاتۆ بەدەنگی ئامێرەکان، لێگاتۆ، هێشتا زۆر تەکنیکی تر هەن کە لە گۆرانی کوردیدا بە کار نەبراون.

## دەرەنجامەکان:-

١- مەودای دەنگی موزیکی ئامێرەکان فراوانترن، بە حوکمی هەمە ڕەنگی ئامێرەکان لەلایەک و توانای ژەنیارەکان و سەلیقە و بیری ئامادەکاری موزیکی تیپەکان لە لایەکی تر . مەودای دەنگی سۆلۆی ئامێرەکان سنوردارترە بە هۆی ئەوەی سۆلۆ ژەنەکان پابەندن بە جێبەجێکردنی هەندێ زەخرەفە و وجوانکاری دەنگی خۆرهەڵاتی لە سنوری میلۆدیی بنەرەتیی سۆنگەکان، بۆیە لەو چوار چێوەیەدا سۆلۆکان ئەنجام دەدرێن،بەڵام گۆرانیبێژەکان بەپێی ماوەی دەنگی میلۆدییەکە ئەوەی، کە دانراوە دەبێت بیڵێت ،واتە ئەم لایەنە زادەی داهێنانی ئاوازدانەرەکەیە و دەبێت جێبەجێبکرێت،بەڵام بیریشمان نەچێت ئەمەش زۆر فراوان نییە بە بەراورد بە زۆرێک لە گۆرانی ڕۆژئاوای واتە توانای دەنگی گۆرانیبێژەکانمان دیاریکراون .
٢-مەقامی بنەڕەتی هەردوو گۆرانییەکە یەکەمیان عەجەم و دووەمیان نەهاوەندە، هەرچی ڕەگەزی لاوەکیەکانیشە لە هەردوو گۆرانی وەک ژمارە هاوشێوەن، کە موزیکی یەکەمیان دوو ڕەگەزی لاوەکی لە خۆ دەگرن و سۆنگەکانیش یەکەم و دووەم، هەریەکەیان یەک ڕەگەزی لاوەکی لە خۆ دەگرن. ئەمیش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە دانەران لەموزیکەکانیاندا دەستکراوەترن بۆ گۆڕانکاری مەقام و ڕەگەزەکان بەهۆکاری فراوانی چینی دەنگی ئامێرەکان لەلایەک و لەلایەکی تر بە حوکمی ئەوەی ژەنیاران زۆرینەیان نۆتی موزیک دەخوێننەوە و گرفتیان لە گۆڕانکارییە مەقامیەکاندا نابێت،واتە لەبارترن بۆ گۆڕانکارییەکان، بەبەراورد بە توانای سنوری چینی دەنگی گۆرانیبێژەکان، کە زووربەیان بە هۆی دەنگخۆشی خۆرسکی خۆیانەوە بوونەتە گۆرانیبێژ و بەلای خوێندنی موزیکدا نەچوون.

٣- ڕێژەی نۆتەی بەکارهاتوو لە ڕێچکەی میلۆدییەکان بەشی موزیکی یەکەم و دووەم زیاترن لە بەشی سۆنگەکان، ئەمیش بارێکی ئاساییە، چونکە میلۆدی بنەڕەتیی گۆرانییەکە پابەندە بەسنوری دەنگی گۆرانیبێژ و چینی دەنگی گۆرانیبێژەکان دیاریکراوە و ناکرێت لە سنوری خۆی لابدات و لەتواناشیاندا نییە، لەبەر چەندین هۆکار، بەڵام ئامادەکارانی موزیک، لە ئامادەکردنی موزیکی گۆرانیەکان دەستکراوەترن بەپێی ئاستی ژەنیارەکان و نۆتە خوێندنەوەیان، واتە بەکارهێنانی تۆن لە ڕێڕەوی میلۆدییەکانی بەشی موزیکی یەکەم و دووەمی گۆرانییەکان زیاترن.

٤-پەیوەندی نێوان ڕیتم و میلۆدی گۆرانییەکان بەگشتی جیاوازن واتە میلۆدی لەسەر بنەمای سەد لە سەدی ڕیتمەکە دانەڕێژراوە. ڕیتم لە گۆرانی کوردیدا تاڕادەیەک لاوازە و دەوڵەمەند نییە لەسەرەتای گۆرانی تا کۆتای دەگمەن گۆڕانکاری لە ڕیتم و تێمپۆی ڕیتم دەبینیین. ئاوازدانەرەکان خەیاڵیان لای ڕێڕەوی میلۆدیی گۆرانی و پیرفۆڕمانسی میلۆدییەکانە نەک جۆری ڕیتم و ڤارییەشن لەڕیتمدا. هەڵبژاردنی ڕیتمەکان بە خواستی ڕیتم ژەنەکان بووە.کە ئەمەش دوولایەنەیە ولایەنی ئەرێنی ونەرێنی هەیە.

## ٤- پێشنیار

١- دەکرێت لە داهاتوودا توێژەران کار لەسەر کاریگەری گۆرانی دانراوی گەلانی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە (عەرەب، فارس، تورک)بەسەر گۆرانی دانراوی کوردی بکەن.

دووەم: دەکرێت توێژەران لە داهاتوودا کار لەسەر ستایلەکانی تری گۆرانی دانراوی کوردی بکەن.

## ٥-ڕاسپاردە

یەکەم: لایەنی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ئاوڕی زیاتر لە تیپە موزیکییە هونەرییەکانی کوردستان بدەنەوە وهانیان بدات زیاتر پەرە بە گۆرانی دانراوی کوردی بدەن.

دووەم: پەیوەستکردنی سیما دیارەکانی موزیکی کوردی بەرۆشنبیری گشتی نەتەوەی کوردەوە،واتە موزيك و ڕۆشنبیری گشتی وەك یەکەیەکی تەواو.

## سەرچاوەکان:

**١- سەرچاوە کوردییەکان:**

-دزەی،هۆمەر (٢٠١٥): چیرۆکی موزیکی کلاسیک،چ١،IMAK OFEST، ئیستانبوڵ.

-ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ(٢٠٢٠): فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی١(ئ،ج)،چ٢،پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە٠

-عەلی، ئەسعەد محەمەد (٢٠١٠) : گۆرانی فۆلکلۆری چەمك و تایبەتمەندییەکانی ،ئا .و .ئامانج غازی ،دەزگای موزيك و کەلەپوری کوردی،هەولێر.

-فەرەج، غەمگین (٢٠٠٥): دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک،چاپخانەی منارە،چ١،هەولێر.

-قەرەداغی، ئەسعەد (٢٠١٠): فەرهەنگی موزیک،چاپخانەی موکریان،هەولێر.

-کوردستانی، ڕابەر (٢٠٢٠): وانەکانی دەف،چ١،هەولێر.

-کوهستانی، نیلوفەر (١٩٩٨): مێژووی مۆسیقا،گۆڤاری ئاوێنە ژمارە ٣٨،تەهران.

-یاسین، بەرزان(٢٠١٢): موزیک لەسەرەتای سەدەی بیستەوە هەتا ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا،گۆڤاری پەیژە ژمارە ٤،هەولێر.

-ئیبراهیم، دلێر (٢٠٠٤): تیۆری مۆسیقا،چ٣،سلێمانی.

- ئیمۆجن هاڵست (٢٠٠٥): ئەلفبێیەکی موزیک،وەرگێڕانی ،ع.ج.سەگرمە،زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کورد،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،لا ١٠٦.

**٢-سەرچاوە عەرەبییەکان:**

-بن حميدة،د. الأسعد (٢٠١٢): الإيقاع في الموسيقى العربية، تطور نظرية الإيقاع عند العرب من القرن٨ م إلى حدود القرن ٢٠، دراسة جامعية غير منشورة، تونس.

-تيتون، جيف تود (٢٠١٦): عوالم من الموسيقى،مقدمة لموسيقى شعوب العالم،الجزء الأول، ترجمة حسام الدين زكريا، ط١، المركز القومي للترجمة.القاهرة.

- درويش،رامي (٢٠١٩): التوزيع الأوركسترالي، المسارات فنية(١٠)منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.

-ديڤى،سيدرك (٢٠٠٠): التحليل الموسيقى، ترجمة سمحة الخولى،ط٢، المجلس الأعلى للثقافة، مصر.

- فريد، طارق حسون(١٩٩٠): التحليل المعاصر لعلم الموسيقى المقارن، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل،العراق.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-كارويى،أوتو (٢٠١٥): مدخل الى الموسيقى، ترجمة ثائر صالح، دار نون للنشر، الإمارات.
- كوبلاند-ارون(١٩٦١): *كيف تتذوق الموسيقى* ،ترجمة محمد رشاد بدران،مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر.ص١٠٥.

**٣-سەرچاوەی ئینگلیزی:**

- A Dictionary of Musical (1974) Themes, Compiled by Barlow Harold and Sam Morgenstern,11 printing.London&Tonbridge.
- Bruce Benward, Marilyn Saker (2009): Music IN THEORY AND PRACTICE, volume 1, 8th ed , New York.
-- Catherine Schmidt-Jones (2013): The Basic Elements of Music, Published with the complete academic content by Textbook Equity under the terms of the original CC BY license.
- Cf.DURING (Jean) (1994), Quelqye chose se passe,le sens de la tradition dans lorient musical,Paris,ed,Verdier.
- Dictionaire de la musique (1987), sous la direction de Marc Vignal, Paris, Larousse .
- Leon Stein (1979): Structure &S TYLE Expanded Edition. THE STUDY AND ANALYSIS OF MUSICAL FORMS Dean Emeritus De Paul University School of Music Summy-Birchard Inc Printed in the U.S.A.
- Nicola Carter(2018):Music Theory_ From Beginner to Expert .
- Oxford Concise Dictionary Of Music (2007), Michael Kennedy and Joyce Kennedy,fifth edition,P.in the U.S.A ,by Oxford University Press in New York.
- REIBEL (Guy)(2000), L’homme musicien - musique fondamentale et création musicale, Paris, éd. Edisud,.

**٤-ماڵپەڕ و سایتە ئەلکترونییەکان:**

-https://www.learnmusictogether.com/what-are-phrases-in-music.,by Fiona Berry BMus (Hons)2023.

**٥-چاوپێکەوتن:**

- سەڵاح حەمە عەزیز: چاوپێکەوتنی تایبەت لە ڕێی مەسنجەر لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Instrumental and Lyrical Performance in the Components of the Author's Kurdish Singing

**Adil Mohammed Karim**
Department of Musical, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
adel.violin69@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Ehsan Shakr Zalzala**
Department of Music, Collge of Fine Arts, Baghdad University, Baghdad, Iraq.
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.iq

**Asst. Prof. Dr. Azad Hama Abdola**
Department of Kidergarten, College of Education, Suleimani University, Suleimani, Kurdistan Region, Iraq.
azad.hama@univsul.edu.iq

***Keywords**: Performance, sound, melody, rhythm, Kurdish.*

## Abstract

This research is entitled (Instrumental and lyrical performance in the components of the author's Kurdish singing), a descriptive -analytical research, in which we have studied three basic musical components in two Kurdish songs, the components are (sound, melody, rhythm) for each In the sections of the songs, which we mean (music 1, song 1, music 2, song 2), obviously the researchers have used some methods of analysis of world and oriental music, have developed a special analytical method in the installed.

This study is an important starting point for understanding the details of the three main components of Kurdish composed songs, the parts of Kurdish composed songs. The results of this analysis show that there are more differences and sometimes common points in the details of each section. This leads us to the conclusion that Kurdish composed songs are dominated by talent and taste of artistic beauty and knowledge of musical art. Therefore, these songs are multidimensional and rich in several aspects.

The paper consists of three main sections, conclusions, and a list of references. The first part, which is the general framework of the research, includes: (Introduction,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)– ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

research problem, research importance, research objectives, limitations, research methods and definition of concepts) do.
Section 3: Conducting the research section. At the end of the study, the conclusions, recommendations, suggestions and list of sources are presented. with a summary of the paper in both English and Arabic.

## الأداء الآلي و الغنائي في مكونات الغناء الكوردي المؤلف

**ملخص:**
هذا البحث بعنوان (الأداء الآلي و الغنائي فه مكونات الغنء الكوردي المؤلف) بحث وصفي تحليلي درسنا فيه ثلاثة مكونات موسيقية أساسية في أغنيتين كرديتين ، المكونات هي (الصوت ، اللحن ، الإيقاع) لكل في. أقسام الأغاني التي نعنيها (موسيقى الأولى، أغنيةالأولى ، موسيقى الثانية ، أغنية الثانية)، من الواضح أن الباحثين استخدموا بعض طرق تحليل الموسيقى العالمية والشرقية ، وقد طوروا طريقة تحليلية خاصة في التثبيت.
هذه الدراسة هي نقطة انطلاق مهمة لفهم تفاصيل المكونات الثلاثة الرئيسية للأغاني الكردية ، أجزاء الأغاني الكردية. تظهر نتائج هذا التحليل أن هناك المزيد من الاختلافات والنقاط المشتركة في بعض الأحيان في تفاصيل كل قسم. وهذا يقودنا إلى الاستنتاج بأن الأغاني الكردية تغلب عليها الموهبة والذوق الفني ومعرفة الفن الموسيقي، لذلك فإن هذه الأغاني متعددة الأبعاد وغنية بعدة جوانب .
يتكون البحث من ثلاثة أجزاء رئيسية واستنتاجات وقائمة المصادر، الجزء الأول هو الإطار العام للبحث وهو: (مقدمة ، مشاكل البحث ، أهمية البحث ، أهداف البحث ، حدود البحث ، و منهج البحث ، تعريف المصطلحات،ا لجزء الثاني هو تعريف للمكونات ، ويناقش الباحثون مكونات الأغنية والموسيقى (الصوت ، اللحن ، الإيقاع) بشكل منفصل.الجزء الثالث: إجراء البحث وفي نهاية البحث يتم عرض الاستنتاجات والتوصيات والاقتراحات وقائمة المصادر مع ملخص البحث باللغتين الإنجليزية والعربية.